# شکۆی باڵگرتوو



مارف عومەر گوڵ





ڕۆژگار دەمبات، بە ڕابردودا دەمگێڕێت، لە دەرگاو پەنجەرەی ماڵانم پێدەدات،

خانەقا و دیوانم پێ بەسەردەکاتەوە، چراکانی جارانم پێ دادەگیرسێنێتەوە.

دەمەو بەهار بە شەوێکی تەمومژاویدا دەمبات،

هاوینان پەپولەم تێدەئاڵێت. هێمن، هێمن دەمهێنێتەوە، بە سەرابستانێکدا دەمبات

دەستم لە هیچ گیرنابێت، ژیرنامەوە. ڕەشەبا دەمکات بە درەختێکی سەر و باڵشکاو

نە چۆلەکە، نە کۆترێك، ناتوانن هێلانەیەك بە سەرمەوە بچنن

ڕۆژگار دەمبات، لە بەر ئاگردانێکدا جێمدەهێڵێت

کوڵوکۆی دامرکاوەو دڵم بە تروسکەی ناو خۆڵەمێشەکەی خۆشە

ئۆخەی بە دەوریدا زەماوەندێك دەگێڕێت، پشکۆکانی گەشدەبنەوە !

دێمە دەرێ، سەرما دەمداتەوە دەستی ڕۆژگار

ئیتر شکۆی تەمەنم لە ئێوارەیەکی دڵگیردا باڵدەگرێت

بە سەر هیچ بەرزایی و دار و بەردێکەوە نانیشێتەوە

ئەوەندە دەجریوێنێت هەتا ئاوێزانم نەبێتەوە، کپ نابێت!

ڕۆژگار دەمبات، بە سەر هەوری خەیاڵەوە بە بارانم دەسپێرێت

لە بەر تەرزەی بە لێزمەدا هانا بۆ ئەشکەوتەکانی جاران دەبەم

تەیر و تواڵی ئاوارە، تێر و برسی، هیچیان درۆم لە گەڵ ناکەن،

ئاشنام بوون و ئاشنایان بووم،

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات



بە دەوری سەرمەوە کەوانەی باڵدار دایانە شەققەی باڵ و بە دەشت و دەر کەوتن،

منیان دایەوە دەستی ڕۆژگار، لە تەنیاییدا جێیانهێشتم

ڕەگوڕیشەم بە شوێنپێمەوە جێدەمێنێ،

ئەو نهێنیە بۆ سبەی، بە سروە بایەك سەردەردێنێ

پشت لە جەنجاڵی و سەر ئێشەی ئێستا دەکات،

ڕۆژگار دەمبات، بە هاتوهاوار و ژاوە ژاوێکدا دەمبات

نایانەوێ نامەی شەیداییم بکەنەوە،

ڕۆژگار بە چیایەکەوە جێمدەهێڵێ، ئاوازی دەرون دەگاتە ئاسمان

ڕۆژگار بە بیابانێکم دەسپێرێت، نامەی کزیی و پەرێشانیم دەبێتە ئەفسانەی نەبیستراو

گەردەلوول هەڵمدەگرێت، دەمگەیەنێتە ناو دیوانی وشە و ئاهەنگی دێڕ و زەماوەندی چریکە،

تاجێك لە سەر دەنێم ، وێنەکەم دەکەوێتە یەکەم لاپەڕەی ئەنسکلۆپیدیای زمانە نهێنیەکانەوە !

ڕۆژگار دەمبات، هەناسەم لە قەفەسێك دەنێت هاوارم دەگاتە باڵندە

فرمێسکم دەگاتە گوڵاڵەی وشکەساڵی، ئاوازیشم ژێی کەمانێکی شکێنراو

پێکەنینم هێشوی دەستودەمی مناڵێکی لە تەنیاییدا هەڵبزڕکاو .

ئەم ڕۆژگارە بۆ کوێم دەبات ؟

نە هەور و نە ئەستێرە و ، نە باران و نە چەخماخە و

نە زریان و نە تۆفان و ، نە هەنسك و نە گریان و ..

هیچ نەماوە ، خۆ کەلێنی هەموو نهێنیەکان گەڕاوم !

خۆ شمشێری هەموو غەدرێکم ناسیوە،

بە ئاگری هەموو ئۆردویەك ئاشنام

خۆ پەردوی هەموو وێرانەیەکم کردۆتە هێلانەی خەونەکانم .

ئیتر خۆم ڕادەپسکێنم لە دەستە قورسەکانی ڕۆژگار،

یاڵی ئەسپەکەم دەگرم،

با بۆ بەر خەرمانەی مانگی سنورێکی نهێنی هەڵمگرێ،

شکۆیەکی باڵگرتوو ئاوێزان و ئامێزانم بێت!

